**نامەی (٣)**

((بەناوی خودای گەورە و میهرەبانەوە))

((کارەساتی ئەنفال))

گوندی ئێمە گوندی ئاوباریکە کە لەویان ڕژێمی بەعس واتە صدامی زاڵم.

هات بۆ گوندی ئاوباریك کەسەر بە ناحیەی قادرکەرەمە لەویانە باوکم و.

سێ خاڵۆم و دو مامەم یان گرت و بردینان ئێستاش هەموویان ئەنفالن.

کە صدامی زاڵم ئەو کارەساتەی بەسەر میلەتی کولادی بێ تاواندا هێناوە لە.

هیچ قانونێکدا نەبووە کە صدامی زاڵم ئێمەی منداڵی کورد هەموو.

بێ باوك و بێ کەس و کارین کەمن ئێستا خوێندکارێکم لە پۆلی یەکەمی ناوەندی.

کەدایکم مەسرەفم دەکات هەتا ئێستا کەسێك نەبوو بڵێت ئێوە بەچی دەژین.

کەمن داوا لە حکومەتی هەرێوی کوردستان و هەموو ئەو ڕێکخراوانە دەکەم.

کە پێمان بڵێن هەتا ئێتا باوك و کەس و کارمان ماون یان مردون.

هەتا ئێتا ئێمە چاوەڕوانین کە باوك کەس و کارمان بێتەوە یان ئەوەتا.

لەلایەکەوە کەسێك دڵی ئێمە هەتیوو خۆش بکات هەتا ئێستا یەك کەس.

ئاوڕی خێری لێمان نەداوەتەوە داواکارم لە ئێستا بەدوا ئاوڕێکی خێرمان لێ بدەنەوە.

ناو:. غوربەت محمد غریب

ساڵی لە دایك بوون ١٩٨٨/٩/٢٦

کوردستان نێت:

نامەکە لەسەر کاغەزێکی A4 نووسراوە

وەك خۆی چاپمان کردۆتەوە، خەتەکە لە خەتی منداڵ دەچێت ئیمزاش کراوە.

©Kurdistan Net